# قورئانی پیرۆزو ئایدز

شتێکی ئاشکرایە کە بەهۆی دووری لە یاسای ئیسلامەوە، ڕۆژبەڕۆژ خەشم و قین و سزای پەروەردگار دادەبەزێت. یەکێك لەو سزا خواییانەش بریتییە لە نەخۆشیی (ئایدز). ئەم نەخۆشی یەش وەك هەموان دەزانین تا ئێستا چارەسەری لە هیچ شوێنێکدا نییە. هەر بۆیەشە ئەم ناوەی لێنراوە کە کورت کراوەی چوار بڕگەی (ئینگلیزی)ـە و سەرەتای بڕگە کانیش بەم پیتانە دەست پێدەکات: (ADIS) کە ماناکەی بە زمانی عەرەبی بریتییە لە: ((انهيار وسائل الدفاع الطبيعية في الجسم)).
واتە: (وازنەمانی هەموو هۆکارە بەرگرییە سروشتییەکان لە لەش).
جا لێرەدا باسی یەکێکتان بۆ دەکەین کە تووشی ئەم نەخۆشییە سامناکە هاتووە کە خەڵکی عێراقە و لە شاری سلێمانی لە دایك بووە و ناوی خۆشی گۆڕیوە بە (بەرزان محمد)، تا نەناسرێتەوە.
ئەم پیاوە کەسێکی بازرگان بوو ساڵی (٢٠٠٤) سەردانی ئێمەی کرد، کاتێك باسی نەخۆشی یەکەی خۆی دەکرد، زۆر بە شەرمەوە لێی دەدوا. وتی: مامۆستا کارێکی زۆر خراپم کردووە، یان چارەسەرم بکە یان سوێندبێت بە خوا لێرە خۆم دەکوژم، لەم کاتەدا دەستی کردە گریان. منیش زۆر دڵیم دایەوە و وتم: خەم مەخۆ هەر شتێکت هەبێ بە یارمەتیی پەروەردگار ئەوەی لە توانامان هەبێت جێبەجێی دەکەین.
ئەویش وتی: چیت لێ بشارمەوە، من کەسێکی بازرگانم دەچمە هەموو وڵاتێك بە نیەتی بازرگانی، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی (٢٠٠٤) سەفەری ئێرانم کرد، لەوێ چوومە شاری (تاران)، چاوم بە ئافرەتێك کەوت دڵم بۆی چوو، منیش قسەم لەگەڵی کرد، ئەویش وتی: هەرچیت دەوێ من لە خزمەتت دام، تا وای لێهات شەیتان لە خشتەی بردم و تووشی گوناهی گەورە (زینا) بووم و لەگەڵ ئەم ئافرەتە ئەم کارە بێ شەرعییەم ئەنجام دا. دوای چەند ڕۆژێك لە بەرئازاری سك و خوار سکم هیچ ئارامم نەبوو، هەروەها کێم و ئیلتهاباتێکی زۆر لەبۆری میزم دەهات، ئازارێکی زۆرم هەبوو، هەستام لە تەهران چومە تاقیگا وتم با فەحسێکی خۆم بکەم بزانم ئەم ژانە چییە، کە پزیشکەکان فەحسیان کردم، سەریان سوڕما کە لە فەحسەکەی دەرکەوت نوسرابوو (HB) بۆزەتیڤ (+)، پێیان وتم: کاکە تۆ چیت کردووە؟ تۆ تووشی نەخۆشیی ئایدز بوویت!
منیش لەوێ دەستم بە گریان و هاوار کرد ، پزیشکەکان وتیان: برادەر تۆ لە تیبی پزیشکی چارەسەرت نییە مەگەر خوا، ناشبێت بەهیچ شێوەیەك کاری شەرعی لەگەڵ خێزانت ئەنجام بدەیت، چونکە ئەویش توش دەبێت.
تۆ یان کاری بەدڕەوشتیت کردووە، یان مادده بێهۆش کارەکانت لە ڕێگای دەرزیەوە لە خۆت داوە

و بەکار هێناوە!

منیش لە خەفەتدا هیچ قسەم نەکرد، زۆر هەولّم دا بە هەر شێوەیەك بێت بەس چارەسەرم بکرێت ئەگەر چی بە (٥) دەفتەر دۆلاریش بێت. بەلاّم ئەم پزیشکانە هەر هەموویان وتیان کاکە چارەسەرت نی یە خۆت ماندوو مەکە و پارە بەلاش سەرف مەکە. بۆیە بە دلّێکی پڕ خەم و پەژارەوە گەڕامەوە. بەلاّم هەر کۆلّم نەدا، زۆر سەردانی پزیشکەکانی عێراق و دەرەوەی عیراقم کرد، هەموو وتیان چارەسەرت نییە ئەمە ڤایرۆسێکە هەموو هێزێکی بەرگری (مناعە)ی ئەم ئادەمیزادە لە ناودەبات تا دەیکوژێت.

منیش مامۆستا گیان هیچ چارەم نەما تەنها ڕووم لە خودا و لە جەنابتان کردووە، ئەگەر چارەسەرم دەکەن بیکەن، ئەگەر نا سوێندبێت بە خوا خۆم دەکوژم. تاکو ئێستاش کەس نازانێ هەتا خێزانیشم.

منیش وتم: کاك بەرزان بەڕاستی کارێکی زۆر خراپت ئەنجام داوە، گوێ بگرە بۆ خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَقْرَبُوا الزِّنَي إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾[1].

واتە: (هەرگیز نەکەن نزیکی زینا بکەون، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناه و تاوان و هەلّە و ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆلاّیە). بەلاّم تازە تۆ تووشی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بوویت، لە حوکمی ئیسلامدا ئەوەی ئەم کارە بکات و شووی کردبێت یان ژنی هێنابێت، دەبی بەردباران بکرێت، چونکە تەنها بەمە و بە تەوبە ئەم گوناهەی لەسەر لا دەچێ. ئەمەش یەکێکی ترە لە حیکمەتەکانی ئەم دەستوورە جوانە کە دەبێت نزیکی ئەم جۆرە تاوانانە نەبینەوە. دەنا وەك ئەورووپا و ئەمریکا و ئەفریقامان لێدێت کە ڕۆژانە



هەزاران مرۆڤ توشی نەخۆشیی ئایدز دەبن و بە هەزارانیشیان لێ دەمرێت. بەلاّم ئەگەر کوڕ یان کچ ئەم کارەیان کرد، دەبی تەمبێ بکرێن. هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلاَ تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ﴾[2].

واتە: (سەد قامچی لە هەر یەك لە ئافرەت و پیاوی زیناکەر -کوڕ و کچ- بوەشێنن، بەزەیی نەتانگرێت لە بەجێهێنانی فەرمانی خودا بۆیان، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هێناوە تاکو کۆمەلّێك لە ئیمانداران تۆلّە و سزاکەیان ببینن و ببنە پەند بۆیان).

بەلاّم ئێستا حوکمی ئیسلام نییە کە ئەم حوکمانە دەربکەن، خەلّکیش زۆربەیان سنووری ئیسلامیان بەزاندووە و ئەم نەخۆشییە کوشندانە لە ناو ئێمەی موسلّمان نەبووە، بەلاّم وا هێدی هێدی موسلّمانانیش - کە بەناو موسولّمانن- وا توشی دەبن.

کاك بەرزان! دەبێ تۆش تۆبەی نەسوح بکەیت و بەلّێن بدەی جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەر ئەم کارە خراپە، ئێمەش بە پشتیوانی خودای گەورە و قورئانی پیرۆز ئەم شتانەت بۆ دەنووسین و چاك دەبیتەوە.

---

[1] سورة الاسراء، آیة: ٣٢، (تەفسیری ئاسان).

[2] سورة النور، آیة: ٢، (تەفسیری ئاسان).

ئەویش وتی: مامۆستا بەس چـاك ببمــەوە چـیت دەوێ لــە دونیـادا بـۆت دەكـەم، چـونكە مـن زۆر دەوڵەمەندم.
منیش وتم كاكی برا! ئێمە ئەم كارە ناكەین كە تۆ پارەمان بدەیتێ، بەڵكو لەبـەر ڕەزامەنـدیی خـودای گەورە دەكەین و هیچ شتێكمان لێت ناوێت، بەڵام ئەگـەر خـودا شـیفای بـۆ نـاردی بـەس دوعـای خێرمان بۆ بكە. ئەوە لەم ڕۆوە بۆ دوو مـانگ دەرمانـت بـۆ دەنوسـین و دوای خـواردنی پـاش دوو مانگی تر سەردانمان بكەرەوە، بەڵام پێش گەڕانەوەت بۆ لامان لــە تاقیگـە خـۆت فـەحس بكـە. ئـیتر ڕۆشت و دوعاخوازی لیكردین.
دوای (٢٥) ڕۆژ گەڕاوە لامان، وا دیار بوو زۆر دڵی خۆش بوو لەبەر ئەوەی خـەڵك زۆر دێـن بـۆ لامان نەمان ناسییەوە. وتی: مامۆستا نامناسیتەوە؟ من (بەرزان محمد)ـەكەم كە نەخۆشیی ئایدزم هەبوو، كە هاتم بۆلای جەنابت وتت بە ئومێدی خوا چاك دەبیتەوە بەومەرجەی تۆبەی نەسوح بكـەیت و ئـەم دەرمانانەش بەكار بهێنیت. سوێند بێت بە خوا، ڕۆژبەڕۆژ چـاكتر دەبـووم، ڕۆژانــە (٧) كاتـژمێر بــە (هێدفۆن) گوێم لە قورئانی پیرۆز ڕادەگرت و دەرمانەكانی تریشم زۆر بە ڕێك وپێكـی بـەكاردەهێنا. تەنها (٢٥) ڕۆژ سەیری خۆم كرد هیچ ئازار و ئیلتیهـابێكم نـەماوە، چـوومە تاقیگـەی تایبــەت بـەم نەخۆشییانە و فەحسم كرد، وتی: كاكە تۆ هیچ نەخۆشییەكت نییە بۆ هاتووی بۆ لامان؟ وتم: برام! من باوەڕناكەم چاك بوویێتمەوە، فەحسێكی تریشم بۆ بكەن! وتیان: بۆ فەحسێكی ترت بۆ بكەین خـۆ تـۆ هیچ نەخۆشییەكت نییە. من هەر بڕوام نەكرد و فەحسی دووەمیشان بۆ كردم، وتیان: كاكی بـرا! تـۆ هیچ نەخۆشییەكت نییە!! منیش لە خۆشیدا نەم دەزانی چی بكەم. وتم: ئێـوە نـازانن چ نەخۆشـییەكم هەبوو، بەڵام پێتان نیشان دەدەم، فەحسەكانی كۆنم پێ نیشان دان كە لە ئێران فەحسم كردبـوو، زۆر سەریان لەم شتە سەیرە سوڕما! وتیان: توو خودا پێمان بڵێ تۆ چۆن چاك بوویتەوە و بە چ دەرمانێك؟ منیش وتم خودا شیفای بۆ ناردووم بە هۆی قورئانی پیرۆز و مامۆستا (عەلی)ـی كەڵەك!
ئەم دەردە كوشندەیە لە هەموو دنیادا چارەسەری نییە، بەڵام لای خـودای گـەورە و قورئـانی پـیرۆز هەموو شتێك ئاسانە. مامۆستا ئەوەش هەردوو فەحسەكە و بزانــە چـۆن خـوای كردگـار شـیفای بـۆ ناردووم، پـەیمانیش بـێ ئـەوەی لــە توانامـدا هـەبێت كەمتەرخـەمی نەكـەم بـۆ هـەژار و هـەتیوان و لێقەوماوان.
ئێمەش وتمان: كاك بەرزان هیچمان لە تـۆ نـاوێ، تـەنها یـەك شـتمان بـۆ بكـە، ئـەویش ئەوەیـە كـە بەكامیرای ڤیدیۆ وێنەت بگرین تاكو خەڵكی ئەم ڕاستییە بە چاوی خۆیان ببینن.
ئەویش وتی بەسەرچاو، بەڵام با دەم وچاوم دیار نەبێت لەبەر ئەوەی خـەڵك زۆر دەم ناسـێ. ئێمـەش ڕازی بووین، تا ئەو كەسانەی بێبڕوان بزانن قورئان كۆن نییە و لە هەموو كـات و سـاتێكدا ملیـۆن ساڵ لە پێش زانستی ئـەم سـەردەمەوەیە، ئەمـەش گـەورەترین بەڵگەیـە كـە لــە (سی دی) بڵاومـان كردۆتەوە.

من لەوباوەڕەدام ئیستا پێغەمبەر (**عیسا**) سەلامی خوای لی بێت ئێستا بێتە خـوارەوە بێبڕوایـان هـەر بڕواناکەن، چونکە شەیتان وەها لەسەر ڕێگای ڕاست لایبردوون کە بڕوا بە هیچ شتێك نەکەن. بـەڵام بەداخەوە ئەم کارە گرنگە بە دەیان ئایدز و بە هەزاران سەرەتان و کوێر و لاڵ و کەڕ لە لای ئێمە بـە یارمەتیی پەروەردگار شیفایان بۆ هاتووە. بەڵام زۆر کەس گرنگی پێ نادات و هۆشیان نایەتـەوە و لـە خەوی غەفڵەت بە ئاگا نایەن. کارەکەی ئێمەش خزمەتە بە ئایینی پیرۆزی ئیسـلام و بـە مرۆڤایـەتی و، هەروەها ئاژەڵانیش. چونکە چارەسەری ئاژەڵانیشمان زۆر کردووە.

خوێنەری بەڕێز! هەرکەسێکمان بگەڕێینەوە سەر ئەم ئایینە بێگەردە بە دڵنیایی تـەواوەوە هـیچ کاتێـك تووشی هیچ گرفتێکی دەروونی و جەستەیی نابین. ئەگـەر لاشمـان دا لـە یاسـاکانی، ئـەوا دووچـاری هەموو نەخۆشی و نەگبەتییەك دەبین.

خوای کردگار دووڕێگای نیشان داوین، سەربەست و سەرپشك پشکی کـردووین لـە هەڵبـژاردنی ڕێگاکاندا و پێمان دەفەرموێت: ﴿فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ﴾ [٣].

واتە: (هەرکەس دەیەوێت باوەڕ بهێنێت و، هەرکەسیش دەیەوێ باگومڕا و سەرلی شێواو بێت).

ڕێگای ئیمان و خواناسی بریتییە لـە: بەدەستهێنانی گشت خۆشی و بەختەوەرییەکانی دنیـا و دوارۆژ، پێچەوانەکەشیان بریتییە لـە: لـە دەستدانی هەموو خۆشییەکانی دنیا و قیامەت.

---

[٣] سورة (الكهف) الاية ٢٩، (تەفسیری ئاسان).

# چارەسەری نەخۆشیی ئایدز

١) دەبێ ئەم نەخۆشە تۆبەیەکی یەکجاری بکات کە نەگەڕێتەوە سەر ئەم کارەی کە پێشتر ئەنجامی داوە.

٢) دەبێت ڕۆژانە (٩) کاتژمێر گوێ بداتە قورئانی پیرۆز بە هێدفۆن.

٣) رۆژێ (٦) کەوچکی چێشت هەنگوینی (سیدر) لەگەڵ (٦) کەوچکی چێشت ڕەشکە بخوات، ژەمی (٢) کەوچك لە م و (٢) کەوچکیش لەو بە نیوکاتژمێر پێش نان خواردن.

٤) رۆژانە یەك کەوچکی چا سێ ژەمە هەنگوینی مەلەکی بخوات.

٥) رۆژانە (٣) کەوچکی چێشت زەیتی زەیتون بخوات پێش نان خواردن، ژەمێ (١) کەوچك.

٦) رۆژی (٣) جار ئەم جێگەیەی کە ئازاری هەیە دەبێت بە زەیتی زەیتون و ڕۆنی رەشکە چەور بکات.

٧) گەڵای (سیدر)یش ئەکوتێ بە هاوەن وەك تۆزی لیدەکات و دەیکاتە ناو بەرمێلێك ئاوی پاکەوە، ئنجا دەست نوێژ دەشوات و، دەستی ڕاستی دەخاتە ناو بەرمیلە ئاوەکەوە و (١٠) جار ئەم سوورەتانە لەسەر ئاوەکە دەخوێنێ (سورة الفاتحة، سورة الفلق، سورة النّاس، سورة الاخلاص)، (١٠) جار سەڵاواتیش لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەدات.

ڕۆژانە لەم ئاوە بخواتەوە و، ڕۆژێ جارێکیش خۆی پێ‌بشوات، بە مەرجێك ئاوەکە نابێت بچێتە ناو بۆڕی زێرابەوە. با لە ناو تەشتێك خۆی بشوات پاشان ئاوەکەی بکاتە ناوباخچەیەك یان هەرشوێنێکی وەها بێت. چونکە ئەم ئاوە قورئانی پیرۆزی لەسەر خوێندراوە.

٨) دەبێت ڕۆژانە (٦) پەرداخ شیری مانگا بخواتەوە، ژەمی (٢) پەرداخ.

٩) رۆژێ (٧) دەنکە خورمای چاك بخوات.

١١) رۆژانە (٣) پەرداخ شەربەتی مێوژ و (٣) پەرداخ شەربەتی پرتەقاڵ بخواتەوە.

١٢) (١٠) کیلۆ سیر بخوات بە کوڵاوی، ژەمی دوو سەلك بۆ ماوەی دوو مانگ.

خوينةري بةريز.. ضةند نةخؤشيةكي ئايدزمان بةم شيوةية ضارةسةر كردووة، هةنديكيان بة (25) رؤذ ضاك بوونةتةوة و، هةنديكيان بة (٦) مانط و، هةنديكيش بة (١٢) مانط